كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-12-2007 0:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ... یوسف مەخمووری**

هەرچەندە ناوچەی مەخموور لەدەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانەوبەرەسمی لەسەر پارێزگای موسلە، بەلام وەزیری دادوتایبەتیش بەریوەبەرایەتی تیبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبە رەی هەولێربۆ بەرژەوەندی بالای گەلەکەمان وئاسایی کردنەوەی ئەم ناوچانەوهاوکاری کردنی لێژنەی مادەی (140) ی دەستوری بریاری داوە (8000) هە شت هەزار دیناری ئەسلی لەهەر کوردێک بستێنێت کەخانوێک لەعەرەبێك بکڕێت، چونکەلەسالەکانی هەشتاکان (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ... ! (سلفەی عەقاری) داوە بەهاولاتیانی ئەم ناوچەیە، بەلام دوابەدوای ئەوەی حکومەتی گۆربەگۆری بەعس لەسالەکانی1996-1997ئەم ناوچەیەی گوێزایەوە سەرپارێزگای موسڵ ئەم عەرەبانەی خانوەکانیان بەناو بوو ئەم برەپارەیان بەوەسڵی رەسمی لەموسڵ دەفع کردووەو ناماقوڵیان کردوە کەبەدوای رێنمایەکانی ئەوسەردەمەی رژێم کەوتوون. ئێمە دەڵێین چونکە پارەی ئەسڵیمان نیە بیدەین پێمانخۆشە بەدۆلار$ لێمان وەرگرن $8000 باشترەخێری زیاتر دەبێ بۆمان، هەروەها دەپرسین ئاخۆ حکومەتی ناوەندی لەبەغداش دەزانێ ئەم جەمع وتەرح وجارانە بەپارەی ئەسلی وبلێمەرەوە بکات وئەم وەسلانەی پێشتر کەبۆ دەفع کردنی قستەکانی ئەم سلفەی عەقارە دەفع کراون هە لێوەشێنێتەوە؟ هەربەم بۆنەوە داواکارین لەبەرێز وەزیری دادی حکومەتەکەی خۆمان وەزارەتی بەرامبەری لەحکومەتەکەی ئەوان ئاگادار بکاتەوە چونکە خودا قبووڵ ناکات ئەم خەڵکەش گوناحن بابێبەش نەبن لەم هەموو کەرەمەی بەرێزیان، هەروەها سودیش لەو تەجرەبە رائیدەو پێشکەوتوەی کوردستانی خۆمان وەرگرن....



yusifmerzani@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.